www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1:06 24-9-2007

ئەی گەنجە بە ئەمەکەکەی سلێمانی ڕێزدار "نێچیرەڤان بارزانی"... فریای پایتەختی ڕۆشنبیری بکەوە... بێستون محەمەد سالح مستەفا

" دڵۆپە ئاوێکی بەردەوام قوڵایی تاشە بەرد هەڵدەکەنی"
ئیبن حەزمی ئەندەلوسی

مژدەی کردنەوەی دەزگای کوردۆلۆژیت بە خشیە شاری سلێمانی وبودجەی تایبەت بۆدەستەبەر کرد، هەنگاوێکی مەزنە، تا نەوە دوای نەوە سیحری کاری وەفاداریت وەك بەڵگەنەویستێك بمێنێتەوە جێگەی شانازی و ئیفتیخاری تەواوی ڕۆشنبیران ونووسەران وئەدەب دۆستان و مێژوونووس و جوگرافی ناس و کۆمەڵناس و تەواوی پیاو ماقوڵانی شار دەست خۆشی هەڵوێست دەکەن...

ئەی گەنجە بە ئەمەکەکەی سلێمانی... ئەمڕۆکە دونیای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی دەریایەکی لە بن نەهاتووە، هەر بۆیە لەبەر گرنگی و بەکاراکردن و لە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دروست و ساغڵەم، پێویستە ئەرکی ڕاگەیاندن و دنیای ڕۆژنامەگەری بەهەق دەسەڵاتی چوارەم بی و پی بەپی ڕووداوەکان هەنگا و بنی، سولەیمانی تاجە گوڵینە و مەداليەی شەرەفی کورداپەتی و خۆڕاگری و خەبات و بەرنگاربوونەوەی بە درێژایی ژیانی بونیاتنانی لەئەستۆ گرتووە و کوانوی هەموو شۆڕش و جوڵانەوەو خەبات و بەرخۆدانی بەئامبالادا کراوە سەرەڕای ئەوەی لەم دواییەدا نازناوێك کە تازە نیەبۆسلێمانی و ڕۆشنفکرو پیاوماقوڵی ئەم شارە پی ی بە خشرائەویش شاری ڕوشنبیری و پایتەختی ڕوشنبیرییە دیارە لەسایەی کابینەکەی بەرێزتانا ئەم مەداليە نوێیە بەخشرا و تاجە گوڵینەی وەفا بوو بۆ نووسەرو ڕۆشنفکرو ڕۆژنامەوانە شەهیدەکان و ئەوانەی تا ئەمڕۆش بەردەوامن و ئینتیمایان بۆ کوردوکوردایەتی درێژەی هەیەبەدەر لە هەموو نەهامەتی وناعەدالەتی و نایەکسانییەکان...

بەرێزم.. وەزارەتی ڕوشنبیری کە پەیوەندارەبۆ بەخشینی هاوکاری مادی و مەعنەوی دیارە بریاری داوە بەکەم کردنەوە یاخود بریینی هاوکاری کۆمەڵێك ڕۆژنامەو گۆڤاری ئەهلی و ئازادو سەربەخۆ کەدیارە جی پەنجەو بەهای خۆیان لەنێوجەماوەری ئەم شارەدا پەیداکردووەو میسداقیەتێکی ڕاستەقینەی خۆیان هەیە.. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دەیان گەنجی لێهاتوو کارا بەم بریارە چ خۆیان و چ خانەوادەیان بی بژێوی ژیان دەبن و کۆسپ دێتە ڕێگەیان، لەوانە (نێوەند، شەقام، بۆچوون، هاوبیر...) کە دووچاری کێشە و سەختی بەردەوام بوونی ئەرکی پیرۆزیان دەبن و ئاکامیش خەسارەتێکی گەورەلەدنیای ڕۆژنامەگەری کوردی دەدری و چراو ئاسۆگە ی کۆمەڵگەی مەدەنی کە سالانێکە پێوەی گینگیڵ دەخۆین سەرەتاکانی بە تابوو تی مردنی خۆیان پێشکەش و پێشوازییان لێبکەین.. ئەمەلە کاتێکا دەیان سەنتەری بی لەزەت و دوور لەخزمەت و بی بنەما لە کوچە وکۆڵانی شارا ئاپۆرەی بەستووە و پی ناچی زۆر تاکەم بتوانن بە ئەرکی نەتەوەیی خۆیان هەڵسن مەخابن بودجە و هاوکاری ئەمانە نەك کەم بگرە بەردەوام و لە زیاد بوونایە..

بەرێزم.. تکایە ئەو دڵۆپە ئاوەی کە ڕوشنفکرێکی وەك ئیبن حەزمی ئەندەلوسی باسی لێوە دەکا بەردەوام بوونی زامنی پەی بردنە بە قوڵایی هەر تاشە بەردێکی سەخت و لە بن نەهاتوو.. بۆیە داواکارین لە بەرێزتان ئەو دڵۆپە ئاوەبن بۆبەردەوامی ژیانی دیموکراسی بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادی کوردانە کەئینتیماو پێناسی کوردایەتی لە بەرژەوەندییەبالاکانی بی.. ئێمەش چاومان لەدەست و سۆزو وەفای بەرێزتانە بۆپیاچوونەوەو هەڵوێستەکردن لەو بابەتە، لە ڕوانگەی نەك تەنها بەرێزتان سەرۆکی وەزیرانی هەرێمی کوردستانن بەڵکە وەك گەنجێکی بەئەمەك و وەفاداری شارەکەت خۆ بنوێنەو هەڵوێستی دیموکراسیانەی خۆ واژۆبکە.... .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.